**حكومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی پلاندانان**

**بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی**

# لێکۆڵینەوەی بەرایی بۆ باری خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی و سامانی مرۆیی لە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان

**هەولیر**

2015

## ستراتجیەتی تەندروستی

**خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی ئاسان و بەردەست بێت بۆ هەموو دانیشتووانی**

**هەرێمی کوردستان بە پێ ی توانا بەردەست**

## یەکەمینەکانی سیاسەتەکانی کەرتی تەندروستی

**1-جێبەجیکردنی سیستەمی دابینکردنی دارایی بۆ چاودێری تەندروستی.**

**2-باشترکردنی کوایتی خزمەتگوزاریە کلینیکیەکان.**

**3- پەرەپێدانی خزمەگوزاری پاراستن.**

# لێکۆڵینەوەی بەرایی بۆ باری خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی و سامانی مرۆیی

# لە وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی
ئەندازیار نوزاد توفیق سرهنگ
ب.گ پلاندانانی ستڕا تیجی

هەولێر
2015

## پێشەكی گشتی

چەند ساڵێكە سەرۆكایەتی هەرێم وپەرلەمانی كوردستان ووشیاریان داوە كە هەندی وەزارەت و دام ودەزگا لە دەستەلاتی جێبەجیٚ كار گرنگی تایبەتیان هەیە لە ریٚگای زۆر لەو نیشاندەرانەی ئاماژە بەو خزمەتگوزاریانەی كەپێشكەشی دەكەن وە بە پیٚگەی ریٚكخستنیان و باری هێزی كار تیایدا لە لاوازی پەیكەرەو و نەبوونی دیاریكردنی ئەرك و خەسلەت و ئامادەكردنی پلەی وەزیفی گونجاو بۆ جێبەجێكردنیان وبوونی ژمارەیەكی زۆر لە فەرمانبەر كە پسپۆر و بروانامەكانیان نەگونجاون لەگەل مەرجەكانی ئەم وەزیفەیە یان هەلسان بە ئەرك ونەبوونی پلانی كار بۆ پێداویستیەكانی بە پێی پسپۆری و بروانامە ودابەشبوونی جوگرافی و پێویستی دانشتوان ......... هتد

بۆ یەكە كارگێریەكانی ئەو وەزارەتانە و فەرمانگانیان و دیاری كردنی ئەرك و هێزی كار تیایاندا.

هەروەها ئاماژە دەكا بە گرنگی دەستەبەركردن و زانیاری و توێژینەوەی داتاو زانیاریەكان بۆئەوەی توانایەكی كرداری بەرجەستە بێت بۆ دانانی بەرنامەی پەرەپێدان و دووبارەكردنەوەی پەیكەرە( اعادە هیكلە ) .... و هەلسانەوەی باری ئیداری لە دەزگاكانی حكومەت ، هەروەها ئەو هۆكار و گۆرانكاریە رامیاری و ئابووری و كۆمەلایەتیانەی كە دەرخستەی گۆرانكاری جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیین لە دیاریكردنی رۆلی نویٚ بۆ هەرێم وهەموو لایەنەكانی كۆمەلایەتی و كەرتی تایبەت و كۆمەگای مەدەنی لە كرداری كارگێری بۆ چالاكیە جیاوازەكان و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری گشتی .

لەم روانگەوە بەرێوبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی /وزارەتی پلاندانان لە بۆ ریٚكاری سەرەتایی لە وەزارەتی تەندروستی وە لە ئە نجامی ئاراستەی حكومەتی هەریم بۆ زیادكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەشكراو لە وەزارەت تەندروستی وزیادبوونی داواكاری لەسەر كارمەندی پزیشكی و توانا پزیشكیەكان بە هۆی كەمی ژمارەی دەرچوان... ودوایی لە (وزارەتەكانی كشتوكالٚ و ئاوەدانكردنەوە و كارو كاروباری كۆمەلاٚیەتی ).

وە لەم قۆناغەدا كە رەخنەی زۆر هەیە لەسەر باری پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە نەخۆشخانەو دەزگاكانی وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانە تایبەتەكان و نۆرینگەو ، توێژینەوەی باری وەزارەتی تەندروستی و دەزگاكان و دووبارە ریٚكخستنەوەی بەشێوەی تەواو و پەرەپێدانی شێوازەكانی كارگێری تیایدا ولە نەخۆشخانەو بەرێوبەرایەتیەكانی بنكە تەندروستیەكان و بەرزكردنەوەی ئاستی ئەوانەی ئەم دەزگایانە بەرێوە دەبەن و دانانی پرۆگرامی پلاندانانی و بەدواداچون و ریٚكخستن و لێپرسینەوە لە كارەكانیان .

بۆیە ئاما نجی ئەم توێژینەوەیە گرنگی دان بە دووبارە ریٚكخستنەوە و دیاریكردنی پێداویستی وەزارەتی تەندروستی و هەلسانەوەی باری خزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەشكراو و پیشكەشكردنی ریٚچكەی سەرەكی بۆ كردارەكانی دووبارەكردنەوەی پەیكەرەی وە هەروەها رۆلی لەزانینی باری دەرخستەكانی فێربوون و ماوەی گونجانی و بەردەستەبوونی بۆ پێداویستیەكانی خزمەتگوزاری تەندروستی ، وپێشكەشكردنی نیشاندەری و پێشنیار و چارەسەر لە روانگەی پشتبەستن بەراوردكردن لەگەل تێكرای گشتی لە وەزارەتی تەندروستی.

وە ئەوە توێژینەوەیەكی سەرەتایی یە ئامادەكراوە لە لایەن بەرێوبەرایەتی گشتی پلان دانانی ستراتیجی / وەزارەتی پلاندانان و وە دواتر لە وۆرك شۆپێك دەخرێتە بەردەستی ئەوانەی پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە باری خزمەتگوزاری تەندروستی لە وەزارەتی تەندروستی.

**ئەندازیاری راوێژكار**
**نوزادتوفیق سرهنگ**
**ب.گ پلاندانانی ستراتیجی**
**وەزارەتی پلاندانان**

## ناوەرۆك


دیدگاو پەیام

ئامانج و پرۆگرامسازی

دانیشتوان و نیشاندەر

سیستەمی تەندروستی

سیاسەت وستراتیجیەتی تەندروستی

چاودێری تەندروستی بەرایی

قەبارەی خەرجی وەزارەتی تەندروستی

بەرهەلستیەکانی رووبەرووی کەرتی تەندروستی دەبنەوە

خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی یەرایی ( بنکە تەندروستیەکان )

نەخۆشخانەکانی وەزارەتی تەندروستی

راسپاردەکان

تێبینی


وەزارەتی پلاندانان

## دیدگاو پەیام:

**دیدگا:-** کۆمەڵگەیەکی تەندروست وخزمەت گوزاری تەندروستی بە کوالیتیکی بەرز لە چوارچێوەی سیستەمێکی تەندروستی تەواوکاریدا بەشێوەیەکە داد پەروەرانەو چوستیەکی بەرز کار بکات.

**پەیام:-** پاریزگاریکردن لە تەندروستی بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی خۆپاراستن و چارەسەری بە یەکسانی و کوالێتیەکی بەرز و بە بەکارهێنانی باشترین ی سەرچاوەکان لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان

## پرۆگرامسازی توێژینەوە

### ئامانج و پرۆگرامسازی

یەکەم - ***گرنگی توێژینەوە:***

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەیە کە لیکۆلینەوە لە کەرتیکی خزمەتگوزاری دەکا کە رەنگدانەوەی گەوری لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە ئەویش کەرتی تەندروستیە ، ئەو خزمەتگوزاریانەی پیشکەشی دەکا راستەوخۆ رەنگدانەوەی هەیە لەسەر پەرەپێدان بە شیوەیەکی گشتی وە لەسەر پەرەپێدانی کۆمەلایەتی بە شیوەیەکی تایبەت ، وە تیشك دەخاتە سەر گرنگترین گۆرانکاری کە بەدەست هاتووە لەم کەرتەدا لە هەرێم لە گەشەسەندی سەرمایەی مرۆیی و ژمارەی نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستیەکان و ژمارەی پزیشك بە هەموو پسپۆریەکانیان و پەرستیاران و دەرمانسازان کە رەنگیان داوەتەوە لەسەر ژیانی هاولاتیانی هەریم لە بەرزبوونەوەی تیکرای تەمەن ی چاوەروانکراو ،وە کەمبوونەوەی تیکرای مردن و تیکرای مردنی منال و دایکان .

دووەم- **ئامانجەکانی توێژینەوە :**

1- زانینی باری سامانی مرۆیی لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم و دابەشبوونی.
2- ماوەی داد پەروەری دابەشبوونی خزمەتگوزاری تەندروستی لە نێوان پارێزگاکان ی هەرێم .
3- زانینی دەرفەتی بەردەستە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی هێزی کار بۆ چاکسازی کردن لە توانا و چالاکی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێم.

سییەم- **پرسیارەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم تویژینەوەیەی ئێستا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەویە :

1- ئایا خزمەتگوزاری تەندروستی بە چەشنیك دابەشبووە کە پێداویستی پارێزگاکانی هەرێم دابین بکات؟
2- ئایا دابەشبوونی سامانی مرۆیی( هێزی کار ) بە چەشنێکە کە پێداویستی پارێزگاکان دابین بکات؟

## پرۆگرامسازی توێژینەوە:

1- کۆکردنەوەی هەموو زانیاری و داتایانەی پەیوەستن بە بەرێوبەرایەتیەکانی تەندروستی و ئەوبنکە تەندروستیانەی سەر بەو بەرێوبەرایەتیانەن و نەخۆشخانەکان و بە هەموو کارمەندەکانیان لە لایەن وەزارەتی تەندروستی.
2- ووردبینی کردنی ئەو زانیاریانەی کەوا کۆکراونەتەوە
3- توێژینەوەو شیکردنەوەی باری چاودێری کۆمەلایەتی ( یەکەم و دووەم و سێ یەم ) بە پێی دابەشبوونی جوگرافی پارێزگاکان )و بەراوردکردنی بە ژمارەی دانیشتوان ،وەك یەكێك لە پێداویستیەکانی کرداری دووبارە رێکخستنەوەی و پەیکەرەکردنی.

### دانیشتوان:[1]

ژمارەی دانیشتوانی هەریم بە 5361419 کەس مەزندە کراوە بۆ سالی 2013وە ژمارەی دانیشتوان بە ریژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە لە ماوەی دەسالی رابردوو .ژمارەی ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 15 سالی یە ریژەی ( 36.9 ) ٪ لە دانیشتوان پێکدەینن وە ئەوانەی تەمەنیان لە سەرو 65 سالی یە رێژەی ( 3.89 ) ٪ لە دانیشتوان پیکدەینن وە چاوەڕوان دەکرێ بۆ سالی 2020 ئەم رێژەیە چەند جارەبێت کە دەبێتە بارگرانیەکی گەورە لەسەر خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەشکراو بەم کۆمەڵانە.


---

[1] دەستەی ئاماری هەرێم

خشتەی ژمارە ( 1 )

| | | |
|---|---|---|
| **پێکهاتەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سالی 2013** | | |
| 1 | تەمەن | ڕێژە ٪ |
| 2 | کەمتر لە پانزە سالی | 36.9 |
| 3 | 15 تا 64 سالی | 59.2 |
| 4 | 65 سالی وزیاتر | 3.89 |

شێوەی ژمارە ( 1 )




خشتەی ژمارە ( 2 )

**زانیاری گشتی لەسەر باری چاودێری و خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوان ی هەرێم لەماوەی سالانی**

( 2013-2011 )

| | | 2011 | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی دانیشتووان[2] | 4,925,629 | 5,059,010 | 5,361,419 |
| 2 | ژمارەی لە دایکبوانی زیندوو | 153,118 | 145184 | 154927 |
| 3 | تێکرای لەدایك بووی خاو بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتوان | 26.17 | 28.94 | 27.5 |
| 4 | تیکرای قەبارەی خێزان | 5 | 5 | 5 |
| 5 | تیکرای بە پیتی گشتی | 4 | 4.3 | 3.5 |
| 6 | تیکرای مردوانی خاو بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتوان | 4 | 4.3 | 3.5 |
| 7 | تیکرای مردوانی شیرەخۆرە بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتووان | 28.13 | 27.83 | 24 |

[2] دستەی‌ئاماری هەریم

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 8 | تیكرای منالانی مردو خوار تەمەن 5 سالی بۆ هەر 1000 كەس لە دانیشتوان | 32 | 18.99 | - |
| 9 | تیكرای مردنی دایكان بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتوان | 12 | 4 | 3 |
| 10 | تیكرای پزیشكی پسپۆر بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتووان | 4 | 2.36 | 3 |
| 11 | تیكرای پزیشكی گشتی بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتووان | 10.2 | 11.4 | 8.9 |
| 12 | تیكرای پزیشكی ددان بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتووان | 1.1 | 1.41 | 3.7 |
| 13 | تیكرای پەرستیار( یاسایی، هاوبەش، مامان، یاریدەدەر ) بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتووان | --- | --- | 7.8 |
| 14 | تیكرای دەرمانساز بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتووان | 0.6 | 1.2 | 2.75 |
| 15 | تیكرای خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر 10000 كەس لە دانیشتووان | - | -- | 14.8 |
| 16 | كۆی نەخۆشخانەكان | 58 | 68 | 75 |
| 17 | ژمارەی بنكەی تەندروستی | | 933 | 933 |
| 18 | نۆرینگەی پزیشكی ددان | ---- | --- | --- |
| 19 | مەڵبەندی لەدایكبوون ومناڵ | --- | --- | --- |
| 20 | ژمارەی یەكەی تەندروستی ئەهلی( نەخۆشخانە )[3] | | 33 | 42 |
| 21 | نۆرینگەی تایبەت[4] | | | 2600 |
| 22 | ژمارەی نەخۆشی سەردانكەری یەكەی تەندروستی | 8,686,657 | 9,672,552 | 9,686,657 |
| 23 | ژمارەی نەخۆشی خەوتوو لە نەخۆشخانە | | 596743 | 687765 |
| 24 | كۆی قەرەویلە لە نەخۆشخانەكانی هەریم | 6687 | 6687 | 7236 |
| 25 | كۆی قەرەویلە لە نەخۆشخانە تایبەتەكان | 831 | 831 | 880 |
| 26 | تیكرای قەرەویلە بۆ 10000 كەس | 14.01 | 14.03 | 13.5 |
| 27 | تیكرای رێژەی بەكارهێنانی قەرەویلە٪ | 41.15 | 65.5 | 88 |
| 28 | ژمارەی كارمەندان | | 50452 | 52232 |
| 29 | ژمارەی نەشتەرگەری گەورە | | 49832 | 93510 |
| 30 | ژمارەی نەشتەرگەری ناوەند | | 70200 | 81072 |
| 31 | ژمارەی نەشتەرگەری بچوك | | 35629 | 36841 |


سەرچاوە/ دەستەی ئامار / وەزارەتی پلاندانان/حكومەتی هەریمی كوردستان/عیراق

[3] سندیكای پزیشگانی كوردستان نوسروای ژمارە 2014/12/9

[4] سندیكای پزیشگانی كوردستان

له خشته‌ی ژماره (2) هه‌ندێ نیشانده‌ر وباری زیندوی گشتی له هه‌رێم بۆ ماوه‌ی 2011 -2013 که تیایدا هه‌ندی لایه‌نی باشتربوونی تیا به‌دەردەکەویت وه له نیشانده‌ره‌کانی ته‌ندروستی له هه‌رێم هه‌روه‌ك تێكرای مردنی منالی شیره‌خۆره که دابه‌زیوه له (28.13) بۆ هه‌ر 1000 منالی له‌دایك بووی زیندوو له سالی (2011) بۆ (24) بۆ هه‌ر 1000 منالی له‌دایك بووی زیندوو له سالی (2013) وه تێكرای مردنی منالانی خوار ته‌مه‌ن پێنج سالی زیاد بووه له (18.99) سالی 2012 بۆ (28) بۆ هه‌ر 1000 منالی له‌دایك بوو بۆ سالی 2013 بۆمان دورده‌که‌ویت به پی ئه‌م زانیارانه مردنی منالان به‌رزه به‌راورد بکریت له گه‌ل ولاتانی دروسی وه‌عه‌ربی له (سوریا 15 بۆ 1000 منالی له دایك بوی زیندو له کویت 11 و له امارات 11 وله قه‌تر 11.5 ته‌نها یمن نه‌بیت 105 بۆ هه 1000 منالی له دایك بوی زیندوو).(شیوه‌ی 2)

شێوه‌ی ژماره (2)




شێوه‌ی ژماره (3)




شێوەی ژمارە ( 4 )




شێوەی ژمارە ( 5 )




شێوەی ژمارە ( 6 )



## سیستەمی تەندروستی لە هەرێم

**خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێم لە ڕێگای ئەم کەرتانەوە پێشکەش دەکرێ**

**کەرتی گشتی کە وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانە زانکۆیەکان لە خۆ دەگرێ**

**کەرتی تایبەت : کە نەخۆشخانە ئەهلیەکان ونۆرینگە تایبەتیەکان دەگرێتەوە**

### وەزارەتی تەندروستی:

**وەزارەتی تەندروستی لە حکومەتی هەریمی کوردستان لە سالی 1992 دامزراوە ،یەکەمین کابینەی حوکمەت خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێم پیشکەش دەکات.**

### ا-خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بەرایی و خزمەتگوزاری چاودێری چارەسەری:

**وەزارەتی تەندروستی لایەنی سەرەکی بەرپرسە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی وە چارەسەری نەخۆشیی و ڕووداو فریاگوزاری وکوتان دژی نەخۆشی و چاودێری دایکانەو منالٚ و خزمەتگوزاری تەندروستی خوێندنگاو تەندروستی گشتی و ڕۆشنبیری تەندروستی**

.

**وەزارەتی تەندروستی سیاسەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو هاولاتیانی هەرێم و ورێگاو شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکانی بەسەر هەموو ناوچەکانی هەرێم کە ژمارەی بنکە تەندروستیە سەرەتایی**

**( 933 ) بنکە تەندروستیە و هەروەها نۆرینگەی ددان ( 364 ) .**

**ئەوانەی سەرپەرشتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی دەکەن لەم بنکانە ( 29622 ) فەرمانبەرە بەهەموو پیشەو ئەرك کە ژمارەی پزیشکان ( 6404 ) دکتۆرە و ( 14775 ) پەریستیار و مامان و دەرچوانی کۆلیژی پەرستیاری وبەشداربوو ویاریدەدەر و دەرمانساز وژمارەیەك لە پیشەی هونەری جیاواز ).**


### ب- خزمەتگوزاری چاودیری چارەسەری:-

**وزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری چارەسەری دابین دەکا لە ریگای( 75 ) نەخۆشخانە کە ژمارەی قەروێلە لەم نەخۆشخانانە ( 7236 ) دادەنرێ کە رێژەی ( 90٪ ) لەکۆی قەروێلەکانی نەخۆشخانەکانی هەرێم پێکدێنێت .وە ژمارەی نەخۆشخانە تایبەتەکان( 41 ) نەخۆشخانەیە کە (880 ) قەرویلەیان هەیە. ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە لەسالی 2013 لە نەخۆشخانەکان نوێندراون ( 9601119 ) نەخۆشە لە سالی 2012 وە 9686657 نەخۆشە بۆ سالی 2013کە بە ریژەی 1٪ زیادی کردوە لە جۆری جیاوازە وە (نەشتەرگەری، هەناو، لەدایکبوون ،منالٚ..... ).**


### کەرتی تایبەت:

**وەبەرهینان کراوە لە کەرتی تایبەت لە بواری تەندروستی وخزمەتگوزاریەکانی . وە خزمەتگوزاریەکانیان پێشکەشدەکەن لە 41 نەخۆشخانە کە زۆربەیان لە ناوەندی پاریزگاکانن و ژمارەی قەرویلەیان بۆ سالی 2013( 880 )قەرویلە بووە بە ریژەی 10٪لە تیکرای قەرویلەکانی هەرێم.**

**شیوەی ژمارە( 7 )**




**شیوەی ژمارە ( 8 )**




## سیاسەت و ستراتیجیەكانی تەندروستی:

**چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە هەرێم:**

**لە هەرێمی كوردستان پشت بەستن بە بنەمای چاودێری تەندروستی سەرەتایی دەستپێكردوە ، وەزارەتی تەندروستی هەوڵی بۆ داوە بەوەی لایەنی بەرپرسە لە دانانی سیاسەتی تەندروستی سیاسەتی تەندروستی سەرەتایی لە باری جێبەجێكردندا.**

**خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی بە خالی بەیەكگەیشتن یەكەم دادەنرێ لە نێوان تاك و خێزان و كۆمەڵگا لە لایەك و خزمەمەتگوزاری تەندروستی لە لایەكی تر یاخود لەگەڵ زۆربەی لایەنەكانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و گرنگیدان لە بەرزكردنەوەی ئاستی تەندروستی بۆ كۆمەلگا و تاك كە پێشتر زانراوە وە دەخرێتە چوارچێوەی تەندروستی خۆپاراستن بەلاّم هەندی خالی گەوهەردار زیادكراوە یاخود جەختی لێ كراوەتەوە لەكاتی پشت بەستن بە بنەمای چاودێری تەندروستی بەرایی كە ئەم خالانە ئەمانەن:-**

1- **جەختكردن لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ كۆمەلگاو خێزان و تاك لە شوێنی نیشتەجێ یان و كارەكانیان وە سەردانی مەیدانی بەردەوام بۆ كۆمەلگا نشتەجێكان وەك قوتابخانە ، كارگە، كێلگە ،رەگەزێكی گرنگە لە جێبەجێكردنی بنەمای چاودێری تەندروستی سەرەتایی.**

2- **كاركردن بە رومالّكردنی هەموو تاكەكان و خێزان و كۆمەلگا بە بێ جیاكاری بە خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی.**

3- **بە پێی بنەمای (دادوەری بۆ هەموان ) بە گورانێكی ریشەیی دادەنری لە بواری دابەشكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی وە كە پێویستە كورتنەكرێتەوە و لەسەر كۆمەلێك و بێبەشكردنی ئەوانی تر، كەواتە تەندروستی وەكو ئاو خۆراك وایە نابێ هەندێ كەسی لێ بێبەش بكرێن بەهۆی هەژاری یان رەنگ و رەگەز و ئایین ،وە هیچ حكومەتێك ناتوانی خۆی بدزێتەوە لە م خزمەتە پێویستە كە مافی هەموانە.**

## ڕەگەزەكانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی:

1-ڕۆشنبیركردن و فێركردنی تایبەت بەكێشە تەندروستیە بلاوەكان لە كۆمەلگا و ڕێگاكانی دیاریكردن و قەلاچۆكردن و خۆپاراستن لێ یان.

2-دابینكردنی خۆراكی تەندروست.

3-دابینكردنی ئاوی پاك بۆ خواردنەوەو ئاوەڕۆی تەندروست بۆ دەربازبوون لە خاشاك.

4-چاودێری دایك ومنالْ و ڕێكخستنی خێزان.

5-كوتان دژی نەخۆشیە گوزراوەكان.

6-چارەسەری نەخۆشیە بلاوەكان و توشبوەكان.

7-خۆپاراستن لە نەخۆشیە خۆجێییەكان و قەلاچۆكردنیان.

8-دابینكردنی دەرمانە سەرەكیەكان.

ئەمە جگە لە خزمەتگوزاری تەندروستی خوێندنگاو تەندروستی پیشەیی.

هەموو بلاوكراوە پەیوەستەكان بە پلاندانان و جێبەجێكردنی خزمەتگوزاری چاودیری تەندروستی سەرەتایی ئاماژە ی پێ دەكەن كە بەرێوەبردنی دروست و چالاكی بۆ تواناو خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەتایی لە هۆكارەكانی سەركەوتنی ئەم خزمەتگوزاریانەیە وە زگرنگی زیاتری بەرێوەبردن لەوە بەدەردەكەوی كەوا چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە پسپۆری كۆمەلێك كەرتدایە لە حكومی و ناحكومیی سەرای تاك و كۆمەلگا.

كرداری پلاندانان و سەرپەرشتی و هەماهەنگی و جێبەجێكردن لەسەر بنەمای زانستیو لۆژیك دانراوە كە گرنگی بالایان هەیە لە سەرخستنی چاودێری تەندروستی سەرەتایی.

كاركردن لەسەر دانانی ستراتیجی هەرێم و پلانی و دانانی نیشاندەری پێویست بۆ هەلسەنگاندنی مەودای پیشكەوتن لە بەدیهێنانی ئەو ستراتیجیە لە ریگای هاوكاری لە نیوان وەزارەتی تەندروستی و ریكخراوی تەندروستی جیهانی.

## شێوازەكانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی :

شیوازی چاودێری تەندروستی سەرەتایی پشت بەم بنەمایانە دەبەستێ

1-چاودێری تەندروستی بەردەست بكرێ بۆ هەموو تاك و كۆمەل و كۆمەلگاكانْ هەریەكیان بە پێ ی توانای بەردەست.

2-دابەشكردنی داد پەروەرانە بۆ خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی لە كۆمەلگا بەجۆرێك كەس بێبەش نەكرێ وستەمی لێ نەكرێ

3-دابەشكردنی داد پەروەرانەی سامانە تەندروستیەكان( مرۆیی و مادی ) بە جۆرێك خزمەتگوزاری تەندروستی چارەسەری هونەری (تەقەنی) بەرزی پێویستە تێكەلنەكرێ لەگەلْ خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەكی وەك خزمەتگوزاری خۆپاراستن و قەلاچۆكردنی نەخۆشیە بلاوەكان.

4-پشت بەستن بە تەقەنیاتی سادەو لەبار بۆ كۆمەلگا و بتوانری جێبەجێ بكرێ لە هەموو بارەكان و بەردەوام بەدەست بكەوێ وخەلك پێی رازی بن ، بەجۆریك بتوانی بەردەوامی پێبدرێ و بەدواداچونی بۆ بكری لە نێوان سامانە بەردەستەكان بەشیوەیەك هەموو سوودی لێوەربگرن لە تاك وكۆمەلْدا وە خۆدورگرتن لەو تەقەنیاتانەی گرانن .

5-سیستەمی تەندروستی بەشێك بێ لە كاروانی پەرەپیدانی ئابووری هەریم جیانەكریتەوە پەیوەندیەكی تۆكمیان هەبێ ، كەئەمە وا دەخوازی پەیكەرەی سەرەكی سیستەمی تەندروستی پەرەی پێ بدرێ وە بەدانانی سەرچاوەی گشتگیر و هەماهەنگی لەگەل كەرتەكانی تر.

6-هاندانی توێژینەوەو لیكۆلینەوە و پەرەپیدانی و پالپشتی كردنی هونەری بۆ خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی و دانانی چاودیری و هەلسەنگاندن .

7-جۆریك لە كاراكردن و ووتوێژی بەردەوام هەبێ لە نیوان پیشكەشكەرانی خزمەتگوزاری تەندروستی وكۆمەل لە پێناوی هەماهەنگی لە بۆچون و چالاكی و سەرپەرشتیاری لەسەر ئەداو هەلسەنگاندن بە ئامانجی گەشەسەندن بە ئاستی ئەم

خزمەتە . چاودیری تەندروستی بەرپرسارەتی حکومەتی هەریمە لەگەڵ کۆمەلگا بەیەك ئاست .تیگەیشتنی وهەستکردن کۆمەلگا بە کیشەکان پالنەری بەهیزدەبن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کیشانە.

8-گرنگیدان بە ئاستی زانیاری وئەدای پێشکەشکارانی ئەو خزمەتگوزاریە لە رێگای راهینان ی پێویست وە بەنوێترین شیوازەکان بەجۆریك راهێنانەکە لەگەڵ ئاستی چاودێری تەندروستی بگونجی کە پیشکەشی دەکەن.

## قەبارەی خەرجی لە وەزارەتی تەندروستی:

سەرای ئەوەی سامانی دارایی بۆ وەزارەتی تەندروستنی سنوردارکراوە، بەلأم وەزارەت چەند هەنگاویکی گرنگی ناوە لە بواری تەندروستی لەسەر ئاستی چاودێری تەندروستی خزمەتگوزاری تەندروستی بەشیوەیەکی بلاو پیشکەش بە هاولاتیان دەکریٚ، بەلکو هەنگاوی گرنگی ناوە لە بواری خۆپاراستن لە نەخۆشی پرۆگرامەکانی کوتان دەرنجامی باشی هەیە لە کۆنترۆلکردنی نەخۆشی . سەرەرای هەموو ئەمانە هەرێم پێشکەوتنی جۆری بەخۆ بینیوە لە پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لەهەموو بوارەکان ی تەندروستی گشتی و تایبەت لە هەریم( 75) نەخۆشخانە ی گشتی و (41)تایبەت هەیە ،سەرەرای ژمارەیەك لە بنکە تەندروستیەکان و ژمارەیەك لە نۆرینگەی پزیشکی ونۆرینگی پزیشکی پسپۆری وەلەهەموو بوارەکان کە باشترین دەزگای پزیشکی بۆ دابینکراوە لە هەموو بوارەکان ی دەستنیشانکردن و چارەسەری .

وە لەم پێشکەوتنە جۆریە لە بواری پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری پیشکەشکراو لە وەزارەتی تەندروستی ئیمە تیبینی ئەوە دەکەین کەوا خەرجی لە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاولاتیان لە زیادەیەکی بەردەوام دایە سەرەرای کەمی بری داینکراو لە بودجەی سالانە وە خشتەی خوارەوە قەبارەی بری دابینکراو بۆ وەزارەتی تەندروستی نیشاندەدا . خەرجی حکومی لە کەرتی تەندروستی لەسەرجەمی بودجەی گشتی کەدەکاتە (707165+232417)= 939582 ملیۆن دینار لە کۆی 11 ترلیۆن و 543 ملیارو 74 ملیون دینار، (4ترلیون و 419ملیار و 722ملیون لە بودجەی وەبەرهێنان + 7 ترلیون و 889 ملیار و 102 ملیون لە بودجەی بە کارخستن) دینار کەئەمەش یەکناگریتەوە لەگەڵ راسپاردەکانی رێکخراوی جیهانی کەئاماژەبەوەدەکات کەلەولاتی جیهانی سێیەم هەرتاکێیك 34 دۆلاری ئەمەریکی بۆخەرج دەکرێت لەبواری چاودێری تەندروستی . وە وەکو زانراوە نابی لە 450 دۆلار کەمتر بیت وە ئێستا کاتی ئەوە هاتوو بوجەی وەزارەتی تەندروستی زیاد بکری بۆ پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری زۆرتر .

## بەرهەلستیانەی روو بەرووی کەرتی تەندروستی دەبنەوە لە هەریم :-

1- داکشانی وە کەمی خەرجی حکومی لە کەرتی تەندروستی .

2- کەمی میلاکی تەندروستی نۆشداری ولاوازی لە تواناکانیان لەبوارەکانی تەندروستی ونۆشداری وەپەرستاری وەهەروەها نەبوتۆکۆلیَکی یەکگرتوو لەگشت پسپۆریەکاندا

3- لاوازی پلاندانان لە بواری سامانە مرۆییەکانی تایبەت بەکەرتی تەندروستی کەئەمەش کاریگەری نواندوە لەبەرهەم هێنانی کارمەندی تەندروستی لەهەندێك پسپۆری تەندروستیدا

4- جیاکارێکی رێژەیی بەدیدەکرێت لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لەنێوان سەنتەری پارێزگاکان وشارۆچکەکان وگوندەکان

5- لاوازی لە هۆشیاری تەندروستی لەکۆمەلگادا کەئەمەش کاریگەری دەنوێنێت لەسەر بەشداری کۆمەلگادا لەم بوارەدا

6- رۆلی کەرتی تایبەت لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی تەنها لەرووی بازرگانیەوە زیاترچربۆتەوە نەوەك لەرووی پیشەییەوە

7- لاوازی ونادروستی داتا وزانیاریکان لەدام ودەزگا تەندروستیەکان

8- لاوازی لەژێرخانی تەندروستی لەرووی تەکنۆلۆچیا وئامێری بزیشکی وتەندروستی وەهەروەها لەسیستەمی زانیاری و پەیوەندیکردن

9- نەبوونی سیاسەتێکی سەرژمێری دانیشتوانی روون پشتپێبەستراو بۆیە هەلکشانی ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی هەرەمەکی وسالٚ بەدوای سالٚ دەبێتە هۆی هەلکشانی خواست لە سەرخزمەتگوزارییە تەندروستیەکان

## ئامانج

1- باشترکردنی جۆری خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی و بە بەردەوامی.
2- گەشە پێدانی و کارامەکردنی ئاکاری تەندروستی تاك و کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا.
3- بەرێوەبردن کارامەو چالاك بۆ سەرمایەی مرۆیی.
4- بەریوەبردنی کارامە وچالاك لە سامانی دارایی دا
5- پەرپێدانی یاساکان لە سیستەمی وەزارەتی تەندروستی.
6- بەرێوەبردنی زانستی بە تواناو چالاك.
7- پەرە پێدانی ژێرخانی تەندروستی.
8- بەشداریکردن بۆ گەیشتنی باشترین ئاستی تەندروستی ژینگەیی
9- کەمکردنەوەی ریژەی خزمەتگوزاری پیشکەشکراو لە نیوان شارو قەزاو گوندەکاندا.

## خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە وەزارەتی تەندروستی:

وەزارەتی تەندروستی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە ئاکامی رایەلەیەکی بەرفراوانی لە بنکە تەندروستیەکان بۆ هەموو کۆمەلەکان کە هەموو کۆمەلگا نشتەنیەکان بگرێتەوە لە هەرێم وە لە رێگای ( پزیشکی گشتی ، پزیشکی ددانساز، تەندروستی گشتی ، دایکایەتی ، منال) وە پیشکەش بکرێ .

لە خوارەوە داتای تایبەت بە پەرەسەندنی بنکە تەندروستیەکان لە ماوەی 2006 – 2013 ی وەزارەتی تەندروستی و تیکرای کارمەندانی هونەری پزیشکی یاریدەدەر کە بەشیوەی دابەشبوونیان بەسەر پاریزگاکانەوە و نیشاندەرەکانی پەیوەست و خەملاندنی کەمی و زیادە لەم بنکانەو کارمەندی پزیشکی تیایاندا بە هەموو پسپۆریەکان

خشتەی (3)

پەرە پێدانی ژمارەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی حکومی لە ماوەی (2006–2013 )[5]

| داتا | 2011 | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|
| ژمارەی نەخۆشخانە | 58 | 68 | 75 |
| ژمارەی بنکەی تەندروستی | | 280 | 327 |
| ژمارەی بنکەی تەندروستی لاوەکی | | 649 | 632 |
| ژمارەی بنکەی تەندروستی پسپۆری | | 62 | 62 |
| کۆی بنکەی تەندروستی | 654 | 929 | 993 |
| ژمارەی نۆرینگەی میللی | | 49 | 59 |
| بنکەی پزیشکی ددان | | | |


لە ئەنجامی داتاکانی هاتوو لە خشتەی ژمارە (3) بۆمان روونەدبیتەوە کە تێکرای ژمارەی بنکە تەندروستیەکان لە هەریم بەرەو زیادبوونە لەماوەی 2011 تاکو 2013 کە ژمارەی بنکەکان بەرزبۆتەوە بۆ ( 654 ) 2011 بۆ ( 993 ) لە سالی 2013 وە بە رێژەی ( 51 ) ٪ هەروەها ژمارەی نەخۆشخانەی میری لە (58) نەخۆشخانە سالی 2011 بۆ 75 نەخۆشخانە سالی 2013 وبە ریژەی گەشەی 29٪

[5] سەرچاوە وەزارەتی تەندروستی

## خشتەی ژمارە( 4 )


| پاریزگا | ژمارەی دانیشتووان | ژمارەی بنکەی تەندروستی | ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر بنکە تەندروستی) | زیاد و کەمی | ژمارەی کارمەند[6] | ژمارەی کارمەند بۆ هەر 1000 کەس لە دانیشتووان | کەمی و زیادە لە ژمارەی کارمەن بۆ هەر 1000 دانیشتووان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولیر | 1,820,120 | 344 | 5291 | 16- | 21931 | 12 | 4+ |
| سلیمانی | 1,855,265 | 362 | 5125 | 6- | 18813 | 10 | 0 |
| دهوك | 1,235,399 | 196 | 3413 | 49- | 7962 | 7 | 4- |
| گەرمیان+شارەزوور | 450635 | 91 | 4952 | 1+ | 2953 | 6 | 2- |
| کۆ | 5361419 | 993 | 5053** | | 52234 | 10** | |

## شیوەی ژمارە ( 9 )




## بنکەی تەندروستی حکومی لە هەرێم بە پێی پارێزگا

## شیوەی ژمارە ( 10 )




[6] نووسراوی وەزارەتی تەندروستی ژمارە 11033 لە 4-8-2014

(993) بنکەی تەندروستی سەر بە وەزارەتی تەندروستی هەیە لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم وە داتا گشتیەکان باری ئەم بنکانەمان نیشان دەدەن.

- ئەم خشتەیە (4)جیاوازی تێکرای کارمەندان نیشاندەدا لە بنکەکان وە ئەمەش دەگەریتەوە بۆ سروشتی ئەم بنکانەو و پێویستی بۆ بوونی توێژینەوەو پلاندانان و بەریوەبردنی سامانی مرۆیی وە دیاریکردنی پیداویستیەکان و دابەشکردنیان.
- لە دەرەنجامی ژمارە بەدەست هاتووەکان لەسەر دابەشبوونی بنکە تەندروستیەکان لە وەزارەتی تەندروستی بۆمان ئاشکرا دەبی کەوا ژمارەی بنکەی تەندروستی کەمە لە پاریزگای دهۆك 49 بنکەیە و لە پاریزگای هەولیر بە تیکرای 16 و پاریزگای سلیمانی بە تیکرای 6 وە زیادە لە ( ئیدارەی گەرمیان ) هەیە بە تیکرای 1 . وە بەتیکرایی داتاکان گرنگی دووبارە چاوخشانەوە بە بەریوەبردنی باری تەندروستی دەکات بە پیٚ ی نیشاندەرەکانی دانیشتووان و توانای بەردەست و رووبەرو بوونی خزمەتگوزاری حکومی و تاییەت لە ناوچەکە.

وەزارەتی پلاندانان

**خشتەی ژمارە ( 5 )**

**نیشاندەری پەیوەندی دار بە کادری پزیشکی لە بنکە تەندروستییەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بە پیٚ ی پاریٚزگا بۆ سالی 2013**

خشتە ( 6 )

| داتا / پاریزگا | ژمارەی دانیشتوان [7] | ژمارەی بنکە | ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر بنکەیەك | کەمی یان زیادە لە بنکەی تەندروستی | ژمارەی کارمەند | تێکڕای پزیشکان | پزیشکی پسپۆر | پزیشکی گشتی | پزیشکی ددان | ژمارەی دانیشوان بۆ پزیشکی پسپۆر | کەمی/زیادە پزیشکی پسپۆر | ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر پزیشکی گشتی | کەمی/زیادە پزیشکی گشتی | ژمارەی دانیشوان بۆ پزیشکی ددان | کەمی/زیادە پزیشکی ددان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 1,820,120 | 344 | 5291 | 16- | 21931 | 2540 | 659 | 1881 | 890 | 2762 | +104 | 968 | +262 | 2045 | **214 +** |
| **سلێمانی** | 1,855,265 | 362 | 5125 | 6- | 18813 | 2561 | 726 | 1835 | 810 | 2555 | 160+ | 1011 | +184 | 2290 | **121 +** |
| **دهۆك** | 1,235,399 | 196 | 3413 | 49- | 7962 | 929 | 217 | 712 | 250 | 5693 | 160- | 1735 | 387 - | 4751 | **-199** |
| **گەرمیان** | 450635 | 91 | 4952 | 1+ | 2953 | 374 | 34 | 340 | 32 | 13254 | 103- | 1325 | 60- | 14082 | **-146** |
| **کۆی گشتی** | 5361419 | 993 | 5053** | | 52234 | 6404 | 1636 | 4768 | 1992 | 3277** | | 1124** | | 2691** | |

[7] سەرچاوە دەستەی ئامار/وەزارەتی پلاندانان/حکومەتی هەریمی کوردستان

نیشاندەر پەیوەست بە پزیشك (گشتی، پسپۆر، پزیشکی دان) بۆ سالی 2013

خشتەی ژمارە (6)

| پاریزگا | پزیشکی گشتی | | | پزیشکی پسپۆر | | | پزیشکی دان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی ئیستا | پێویست | کەمی یان زیادە | ژمارەی ئیستا | پێویست | کەمی یان زیادە | ژمارەی ئیستا | پێویست | کەمی یان زیادە |
| هەولێر | 1881 | 1619 | +262 | 659 | 555 | 104+ | 890 | 676 | 214 + |
| سلێمانی | 1835 | 1651 | +184 | 726 | 566 | 160+ | 810 | 689 | 121 + |
| دهۆك | 712 | 1099 | 387 - | 217 | 377 | 160- | 250 | 490 | 199- |
| گەرمیان | 340 | 407 | 60- | 34 | 137 | 103- | 32 | 178 | 146- |
| کۆی گشتی | 4768 | | | 1636 | | | 1992 | | |

**خشتەی ژمارە ( 7 ) بۆ سالی2013**

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی بنكەی تەندروستی | ژمارەی پزیشك(گشتی+پسپۆر) | مامان | پەرستیار وبرینپێچ | دەرچوی كۆلیژی پەرستیاری | دەرچوی‌پیمانگەی تەندروستی | تیكرای كارمەندی پزیشكی | كارمەندی پزیشكی بۆ هەر پزیشكێك | ژمارەی پیویست بۆ هەر پزیشكێك | كەمی،زیادە | كۆلیژی پەرستیاری بۆ هەر پزیشكێك | كەمی، زیادە | پەرستیارو برینپێچ بۆ هەر پزیشكێك | زیادە یان كەمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | 1,820,120 | 344 | 2540 | 340 | 1747 | 165 | 3657 | 5569 | 2.19 | 4675 | 894+ | 0.06 | **لا یژکر** | 0.68 | 350+ |
| **سلێمانی** | 1,855,265 | 362 | 2561 | 260 | 1545 | 188 | 3722 | 5455 | 2.13 | 4712 | 743+ | 0.07 | - | 0.6 | 137+ |
| **دهۆك** | 1,235,399 | 196 | 929 | 40 | 505 | 26 | 127 | 658 | 700. | 1709 | 1051- | 30.0 | - | 540. | 6- |
| **گەرمیان** | 450635 | 91 | 374 | 20 | 24 | 0 | 117 | 141 | 0.37 | 688 | 547- | 0 | - | 60.0 | 182- |
| **كۆی گشتی** | 5361419 | 993 | 6404 | 660 | 3507 | 379 | 7547 | 11823 | 4**81. | | | 0.06** | - | 0.55** | |

** ئەم ژمارانە تیكرای نیشتمانین لە هەرێم

**تیكرای ( پەرستیار وبرینپێچ ) بۆ/**10000 **هاولاتی** =7.8

**تكرای( دەرچوی كۆلیژی پەرستیاری+ دەرچوی‌پیمانگەی تەندروستی )بۆ/**10000 **هاولاتی** =14.8

**خشتەی ژمارە ( 8 )**

**ژمارەی دەرمانساز ویاریدەدەرەکانیان لە بنکەکانی تەندروستی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بە پێی پارێزگا بۆ ساڵی 2013**

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتووان | ژمارەی بنکەی تەندروستی | ژمارەی پزیشکی گشتی+پسپۆر | دەرمانساز | یاریدەدەری دەرمانساز | ژمارەی دانیشتوان بۆ هەردەرمانساز | کەمی یان زیادە | ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر یاریدەدەریکی دەرمانساز | کەمی یان زیادە | تیکرای دەرمانساز بۆ هەر پزیشکێک | زیادە یان کەمی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1,820,120 | 344 | 2540 | 598 | 165 | 3043 | 96+ | 11031 | 22+ | 30.2 | 14+ |
| سلێمانی | 1,855,265 | 362 | 2561 | 730 | 188 | 2541 | 218+ | 9868 | 44+ | 80.2 | 144+ |
| دهۆك | 1,235,399 | 196 | 929 | 120 | 45 | 10295 | 220- | 27453 | 48- | 30.1 | 94- |
| گەرمیان | 450635 | 91 | 374 | 29 | 6 | 15539 | 95- | 75106 | 34- | 0.07 | 57- |
| کۆی گشتی | 5361419 | 993 | 6404 | 1477 | 404 | **3630 | | **13270 | | **0.23 | |

** ئەم ژمارانە تیکرای نیشتمانین لە هەرێم

**تیکرای دەرمانساز بۆ 10000 هاولاتی** =2.75

